گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆلی ریکلامە بازرگانییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەهاندانی بریاری کڕین لەلای جەماوەر

## (توێژینەوەکی مەیدانیە)

**سەرکەوت ویسی کریم**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر- هەرێمی کوردستان

sarkawt.kareem@su.edu.krd

**پ.ی .د حبیب ابرا هیم کرکوکی**

پەیمانگای زانستی راگەیاندن زاکۆی (Ruhr-University Bochum) ئەڵمانیا

Habeeb.Ibrahim@ruhr-uni-bochum.de

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١١/٩

**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/١/٢٤

**بڵاو کردنەوە:**زستان٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

*[satellite Channels, advertisement’s, purchasing, the commercial advertisement’s influence in Kurdish air satellite Channels on*

**پوختە**

لەسەرتا سەری دونیادا ریکلامە بازرگانییەکان بۆتە هونەر شێوازێکی کاریگەری پرۆسەی پەیوەندیکردن،بۆ هەموو وڵات و کۆمەڵگە و نەتەوە و ئاست و چین وتوێژو رەگەزێك پێویستە، هەموان کاریان بە ریکلامە بازرگانییەکان و ریکلامە بازرگانییەکان کاری بە هەمووانە. ریکلامە بازرگانییەکان بەدروستی بەکاربهێنرێت ولە ئاستێکی بەرزدابن،ئەواکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەتوانن بەوجۆروشێوەریکلامەبازرگانییەکانانە بژین و بەرێوەبېردرێن،

ئامانجیش لەم تۆێژینەوەیە، دەرخستنی ڕادەی گرنگی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان بەرێکلامی بازرگانییەکان،وتاچەند کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان هانی رەفتاربەکاربەردەدات بۆکرینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*encouraging conduct of purchasing by a sample of people in Kurdistan region.]*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.7

کاڵا،ئەوشـێوازەریکلامەبازرگانییەکانیانەکا مانـەن کەزیاترسـەرنجی بەکاربـەربۆکڕینی کاڵاڕادەکێشـێت. ئەم توژینەوەیە،تـوێژینەوەیەکی وەسـفییە،میتۆدێ رووپێوییمـان بـەکارهێناوە.گونجاوترین میتۆددادەنرێت چونکەلەم ڕێگەیەوەدەتوانرێت زۆرترین دا تاوزانیاری وردو دروست بەدەست بهێنرێت. ئەم توێژینەوەیەتێۆری پشتبەستن بـەئا مرازەکـانی ڕاگەیانـدن بەسـەریدا پراکتیزەکـراوە، کەیەکێکەلەتیۆرییـەگرنگ وبایەخدارەکانی بـواری میـدیا. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە پێکدێت لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان کەبریتییە (500) تـاك لەهـەرچواربارێزکا (هەولێروسـلیمانی ودهـۆك و هەلەبجـــــــــە)،و هەردووڕەگـــــــــەزی"نێرومێ"پێك هاتوون.تۆێژەربۆکۆکردنـەوەی داتـاو زانیارییـەکان بەدەسـتهێنا نـی دەرئەنجا مەکا نـی توێژینـەوەفۆرمی ڕاپرسـی بەکارهێناوە،هـەروەها لـەم توێژینەوەیـەدا کەرەسـتەی ئاماری،کەبەسیسـتەمی "SPSS " ناسراوەبەکار هاتووە. گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەبریتین لە: پەیوەنـدی نێـوان ڕێکلامی بازرگـانی وکەناڵەئاسـما نیەکوردیـەکان ،پەیوەندیـەکی ڕاسـتەوانەی بـەهێزوکا ریگەرە،هـەروەها پەیوەنـدی نێوان ڕێکلامی با زرگانی ورەفتاری کرین،بەهەمان شێوەپەیوەندیەکی ڕاســتەوانەی بەهێزوکاریگەرە،جکەلەمانــەڕێکلامی بازرگـــانی لەکەناڵەئاســما نیەکوردیــەکان ســەرچا وەی گرنگــی زانیــاری بەرکارهێنەرانەولــەدیاریکردنی کاڵاوخزمەتگوزاریــەکان پێویســت وهەڵبژاردنی با شترین بژاردە، یارمەتیان دەدات.

## پێشەکی

ریکلامەبازرگانییـەکان لەئێسـتادا پرۆژەیەکـی زەبەلاحە, لەهەمانکاتـدا پیشـەیە و لەگەل ئەوەدا ئامرازێکە کە خەڵکانێکی زۆر بەکاریـدەهێنن, دەکرێت بڵێن لە هەمـوو شـوێنێک بـوونی هەیە چـونکە خزمەت بە پێداویستیەکان دەکات. بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە ریکلامـە بازرگانییـەکان لە گشت بوارەکـان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیەتی توانی بچێتە ناو ئامرازە سەردەمیەکان, بەدرێژایی ئەو چەند ساڵانەی دوایدا گەشەکردنێکی گەورە بەسەر ئەو ئامرازانە داهات.
ریکلام لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا چەمکێکی فراوانە و مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لەهەموو ڕویێکەوە و لە ماڵەکانیاندا و جێگای کارکردن ورێگا وگشت شوێنە گشتی و تایبەتەکاندا دەورە دراون بە ریکلامە بازرگانییەکان, هەرئەمە وای کردووە کە ئەم سەردەمە بە سەردەمی ریکلامەبازرگانییەکان ناو ببەین.
گومانی تێدا نیە ریکلامەبازرگانییەکان لە کەنالە ئاسمانیەکوردیەکان جێگەی گرنگیپێدانی جەماوەرە، لەبەرئەوە بەکۆڵەکەیەکی بنەرەتی دادەنرێت لەسەرجەم بوارەجیاوازەکانی ژیاندا، هەرچەندە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان توانای مرۆیی و مادییان زۆربێت ناتوانن ئامانجەکانیان بەدیبهێنن ئەگەر لەژێر سایەی پەیوەندییەکی گونجاودا نەبێت لەگەڵ جەماوەردا.
کەنالەئاسمانیەکوردیەکان بە شێوەیەکی گشتی بە کاریگەرترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت لەڕووی هێز وقەناعەت پێکردنەوە. ئەم توێزینەوەبەسەر پینچ بەشی سەرەکیدادا بەش کراوە: بەشی یەکەم: بریتیەلەچوارچێوەی گشتی توێژینەوە. بەشی دووەم:باس لەتێۆری پشتبەستن بەئا مرا زەکا نی را گەیا ندن دەکات . بەشی سێیەم:باس لەرێکلام لەکەنالە ئاسمانیەکان دەکات بەشی چوارەم:هۆکارە کاریگەرییەکانی سەررەفتاری کرینی بەکا ربەر، بەشی بێنچەم: رێکارەمەیدانییەکانی توێژینەوە

## کێشەی توێژینەوە

هەرکێشەیەك لەسەربنەمای زانستی بێت، دەبێتەهۆی دۆزینەوەی چا رەسەری کێشەکان،کەڕووبەڕووی توێژەران دەبێتەوە،بۆیەبنەمازانستیەکان وایان بەپێویست زانی،کەبیرۆکەی توێژینەوەی زانستی لەنەبووەپەیدانابن و بەرەو نەبوون ناچن. لەسەرئەوروۆشناییەگرفتی لێکۆڵینەوەکۆمەڵێك پرسیاری سەرەکی هەڵێنجراوەکەبریتیە:
1-رۆڵ ریکلامەبازرگانییەکانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان لەسەر هاندانی بریاری کرین لەلای نموونەیەك لەجەماوەری هەرێمی کوردستان کاما نەن؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-ئایا ریکلامکردن کاریگەری لەسەرزیادکردنی نرخی کاڵاوخزمەتگوزارییەکان هەیە،وئایا بەشدارەلەپێکهێنانی بڕیارلەباشتر نیشاندانی کاڵاوخزمەتگوازییەك لەسەر یەکێکی دیکە؟

3-کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان تا چەندپابەندی بەهاوپێوەرەکۆمەڵایەتییەکانە،و پەنای بۆوروژاندنی بینەربردووەتاکو ناچاریان بکات کەئەوکاڵایانەبکڕن کەپێویستیان پێی نییە؟

**گرنگی توێژینەوە**

1-بەمەبەستی زانینی رادەی سوود وەرگرتنی ستراتیژیەت داهێناکارییەریکلامەبازرگانیەکانییەکانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان، بۆ پێشکەشکردنی نامەیەی میدیایی لەشێوازێکی گونجاو کەزەمانەتی بەدەستهێنانی کاریگەرییەرەفتارییەبەکارهێنراوەکانی.

2- گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان جەماوەر و ریکلامکار وئامرازەکانی پەیوەندیکردن دەستنیشان بکات.

3-ریکلامە بازرگانیەکان کەجێگەی مشتومروگرنگییەکی زۆرە لەلایەن پسپۆرانەوە لەبوارەکانی راگەیاندنی ئابوری بازرگانیدا بەشێوەیەکی سەرەکی.

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

1-ڕادە پشت بەستنی لێتوێژەران بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان چەندە کە وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریە بەردەستەکان لە بازاری کوردی دا تەمەشای دەکەین؟

2-ڕادەی بڕوای لێتوێژەران چەندە کە کاریگەری رەفتاری نزیکترین هاورێیان بەو وێنانەی کە رووژێنەرن؟

3-ڕادەی پشتگیری لێتوێژەران بۆ سەپاندنی چاودێری لەسەر رێکلامە بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانە کوردیەکان؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئامانجەکانی توێژینەوە**

1-ڕادەی پابەندبوونی ریکلامی بازرگانی لەکەناڵە ئاسمانینە کوردیەکان بە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان.

2-باشترین شێواز کە جەماوەر پێی پەسندە بۆ نیشاندانی ریکلامی بازرگانی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان.

3-بۆ زانینی کاریگەرەیە مەعریفی و ویژدانی و رەفتارەکانی پشت پاڵپشتی لێتوێژەران بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان.

**گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانەی یەکەم: گریمانەکانی تایبەت پەیوەندی نێوان ریکلامی بازرگانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان لەهاندانی رەفتاری کرین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەریمی کوردستان.

1-پەیوەندیەکی بەهاداری ئاماری هەیەنێوان کاریگەری ریکلامی بازرگانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان لەهاندانی رەفتاری کرین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەریمی کوردستان.

2-پەیوەندیەکی بەهاداری ئاماری هەیەنێوان کەناڵەئا سما نیەکوردیەکان ریکلامی بازرگانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان لەهاندانی رەفتاری کرین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەریمی کوردستان.

**گریمانەی دوەم:** گریمانەکانی تایبەت کاریگەری ریکلامی بازرگانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان لەهاندانی رەفتاری کرین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەریمی کوردستان.

1-کاریگەری ریکلامی بازرگانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان کاریگەری بەهاداری ئاماری هەیەلەهاندانی رەفتاری کرین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەریمی کوردستان.

2-کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان ریکلامی بازرگانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان کاریگەری بەهاداری ئاماری هەیەلەهاندانی رەفتاری کرین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەریمی کوردستان.

**کۆمەڵە و مشتەی  توێژینەوە**

کۆمەڵگای  ئەم توێژینەوەلەدانیشتوانی هەریمی کوردستان کەبینەری کەناڵەئاسمانییەکوردییەکانن کەتەمەنیان لە18 تاوەکو 55 ساڵ لەهەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەلەبجە)دەگریتەوە. سامپڵی ئەم توێژینەوەیەش (500) هاولاتی هەریمی کوردستان.

**کەرەستەکانی توێژینەوە:**

کەرەستەی بەکارهاتوولەتوێژینەکەبریتیەلەفۆرمی  راپرسی، فۆرمی ڕاپرسی (الاستبیان) پێک دێ لە کۆمەڵێک پرسیارئاراستەی سامپوڵی توێژینەوەکە دەکرێ. دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو،پاش ووردبینی کردنی لە لایەن پسپۆڕانەوە. خستنە ڕووی پرسیارەکان بە شیوەیەکی ئاسان وروون دەخریتە ڕوو، بۆ وەرگرتنی ڕای کۆمەڵێک خەڵک کە دیاری کراون، بە شێوەیەکی زانستی.

**دیاریکردنی چەمکەکان**

دیاریکردنی چەمک وزاراوەکان بە یەکێک لەهەنگاوە پێویستییەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، هەموو چەمکێك زاراوەیە،بەڵام مەرج نیە هەموو زاراوەیەك چەمك بێت.

1- چە مکی ریکلام:ریکلام (Reclaim) وشەیەکی فەرەنسیە کە بەواتای هاوارکردن دێت, لە زمانی عەرەبیدا وشەی ( إعلان) ولە هەندێك شوێن وشەی ( إشهار)ی بۆ بەکاردێت, لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی(Advert isement) ی بۆ بەکارهاتوە کە لە کرداری (Advert)ەوە وەرگیراوە, بەواتای سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەر یاخود کەسێک بۆ شتێکی دیاریکراو دێت. لە زمانی کوردیدا چەندین وشەی ڕەسەن وپەتی وەک (ئاگاداری, بانگەشە, بانگەواز, ئاگانامە, جاڕدان, جاڕنامە, داخۆیان...هتد )مان هەیە.

2-کەناڵەئاسمانییەتەلەفزیۆنییەکان: بریتین لەوکەناڵانەی کەلەرێگەی تۆڕەکانی مانگەدەستکردەکانەوەبەشەپۆلی دیاریکراو ورێکخراوبۆ هەرکۆمەڵەکەناڵێك پەخش دەکرێن وهەموو گۆی زەوی دەگرێتەوە، وگەڕانەوەی ئەو شەپۆلانەبەگۆشەو ئاراستەی دیاریکراوی خۆی بۆهەر

کۆمەڵەکـــەناڵێك دەبێـــت، کـــەناڵی ئاســـمانی دەســـتەواژەیەکی نـــوێ ولەراســـتیدا کـــورتکراوەی کەناڵەتەلەفزیۆنەژمارەیی یاخود دیجیتاڵیین، کەبەهۆی مانگەدەستکردەکانەوەپەخش دەکرێن .

3- جـەماوەر: کۆمـەڵێکن لـەمرۆڤ کەقەبارەیـەکی سـەرەکی لەتاکـەکان پێکـدێنن و نامـەکانیان پـێ دەگات،یاخوددەبنەبینەری ئامرازێکی راگەیاندنی دیاریکراو.

4-رەفتاری کڕین: بریتیەلەهەموو هەڵسوکەوت ورەفتارێك کەکڕیار پێی هەڵدەستێت بەگەڕان بـەدوای کاڵـا وخزمەتگوزارییـــەکان بەمەبەســـتی کڕینیـــان، ودەگـــەڕێ بـــەدوای ئـــەو ئاستەپەســـندەی کەپێداویستییەکانی ئەم تێر دەکات .

5- کــاریگەری (Effect):کــاریگەری بریتیــەکە پەیــامی راگەیانــدن لە دەروونــی وەرگــر پەیــدای دەکات،هەرچەنـد وەرگرزۆرتـربە پیـر پەیـامەکەوە بچێ،ئەوەنـدە پەیـامی راگەیانـدن کـاریگەری خـۆی نواندووەوپەیوەنـدیکار ئامـانجی پەیوەنـدیەکەی هێنـاوەتەدی،ئێمە پەیوەنـدی دەکەیـن بـۆئەوەی کاریگەریمان هەبێت.

**توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژینەوەی یەکەم ( ناجي بن محمد بن سعيد السعيدي) "تـأثير الاعلانـات التلفزيونيـة التجاريـة علـى المراة . دراسة ميدانية على المراة العمانية العاملة فـي سـلطنة عمـان " (2021)لـەولاتی عومـان ئـەنجا می داوە، توێژینەوەکە بەئامانجی دیاریکردنی جۆری کاریگەری بووکـەریکلامی بازرگـانی تەلـەفزیۆنی دروسـتی دەکـات لەسـەر رەفتـاری ئـافرەتی عـەمانی کارکـەر بـەپێی ئاسـتی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و گۆڕاوەکانی تەمەن وئاستی خوێندنی ژنان.توێژینەوەکەپشتی بەمیتۆدی رووپێـوی بەسـتووە، وتیایـدا فۆرمی راپرسی لەسەر(400) ئافرەتی کارکەری عومـان لەشارەکانی(مەسـقەت) بەیەکسـانی لـەنێوان هـــەردوو کـــەرتی حکـــومی و تایبەتـــدا بـــەکارهیناوە. توێژینەوەکەگەیشـــتەکۆمەڵێك دەرەنجـــام کەگرنگترینیان بریتیەلە:

1-کاریگەری ئافرەتی عومان کارکەر بەریکلامەتەلەفزیۆنەبازرگانییەکان.

2- جیـــاوازی پلـــەی کاریگـــەری ئـــافرەتی عومـــان کارکـــەر ئـــافرەتی عـــەمانی کارکـــەر بەریکلامەتەلەفزیۆنەبازرگانییەکان بەپێی گۆڕاوەدیمۆگرافییەکان، بەتایبەت بۆ ریکلامێك.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-ئەو خێزانانەی کەزیاتر کاریگەرییان هەیەلەسەرئافرەتی عەمانی کارکەربۆ وەرگرتنی بڕیاری کڕین، وریکلامەبازرگانییەلەپلەی چوارەم هات لەنێو پێنج گروپی وەکو چاوگی پرس وراوەکو (خێزان،هاوڕێکان،برادەری کار،ریکلامەکان، فرۆشیارەکان)..

توێژینەوەی دووەم : ( إنجي فتحي فرج) "علاقة الجمهور المصري بالقنوات الفضائية الإعلانية وانعكاسها على السلوك الشرائي لديها"، (2020)لەولاتی میسر ئەنجامی داوە، توێژینەوەکە بەئامانجی خستنەڕووی پەیوەندی جەماوەری میسری بەکەناڵەئاسمانییەتایبەتەکانی تایبەت بەریکلامی بازرگانی، ئەوەش بەهۆی وەسفکردنێکی گشتی بۆ کەناڵەئاسمانییەتایبەتەکانی لەریکلامدا، کەکۆی هەموویان شەش کەناڵ ئامادەکران کەزۆرترین بینەریان هەبوو لەلایەن جەماوەرەوە. و هەروەها توێژینەوەکەی پشتی بەمیتۆدی رووپێوی بەستووەو تیایدا فۆرمی راپرسی بەکارهاتووەو دابەشی سەر لێ توێژەرانەوەکرا کە(400)لێتوێژەربوون بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی جەماوەری میسری بەریکلامی کەناڵەئاسمانییەکان.توێژینەوەکەگەیشتەکۆمەڵێك دەرەنجام کەگرنگترینیان بریتیەلە:

1- لاوازی متمانەی لای توێژەران بەهۆی زیادەڕۆیی ئەو کەناڵانەلەنمایشکردنی خەسڵەتەکانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان.

2-کۆمەڵێك هۆکار هەن کەکار دەکاتەسەر رەفتاری کڕین لەلای توێژەران کەگرنگترینیان: نرخ، کوالێتی کاڵا، خەسڵەتی کاڵا، و زانیارییەکان لەسەریان.

3-نێرەکان زیاتر بەرکەوتەی ریکلامەکانی کەناڵەئاسمانییەکان بەبەراورد مێی هاوتایان.

**گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

ئەم دوو توێژینەوەیەی کەلێرەدا باسمان کردووەسەرجەمیان باس لەرێکلام تەلەفزیۆنی دەکات . سەرلەبەری ئەو توێژینەوا نەی لێرەدا وەك توێژینەوەی هەلبژاردنی پیشووخرا ونەتەروو،توێژەرهەول دەدات لەرێگەی تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو،ئاراستەی ئەوتوێژینەوەدیاربکەن،کەئەنجا مى دەدات،لەرووی شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکەوجۆری ئەومیتۆدونموونانەی بەکارهاتوون،وهەروەهائەوئا مرازا نەی بەکا رها تون لەگەل دیا ریکردنی ئا ما نجەکا ن وئەوئەنجاما نەی پێی گەیشتوون. زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەرپکلامی تەلەفزیۆن سەرنجیان لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەمــەجۆری رێکلام و وەشێوەوشــێوازی بــوو کەبــەخش دەکــرا لەتەلــەفزیۆن هــەروەها بابــەتی ســــەرهەڵدانی مێــــژووی ریکلامی لـــــەخۆگرتبوو، هەردووتوێژینەوەکـــــەمیتۆدی روپێویـــــان بەکارهێناوەچونکەباشترین رێگایـەبۆ دیراسـەی جمهوروگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینـەوە، بـۆ ئـەم توێژینەوەیـەش تـوێژەر میتـۆدی روپێـوی بەکارهێناوەبـەڵام کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـەی ئێمەلەگـەڵ توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازەو ئەمەئەنجامی جیاوازتری بەدەستهێناوە.

## باسی دووەم: زانیاریینامە توێژینەوە

**1- ریکلام لەکـەنا لـەئا سـما نیەکوردیـەکا ن** : ریکلام لەکـەنا لـەئا سـما نیەکوردیـەکا ن لە هە ریمـی کوردستان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەهەلوێست و رەفتاری جەماوەر بەتایبەت لەم رۆژگارەی ئێمەدا هێندە زۆرە کە بەچەندین لێکۆلینەوە کۆتای نایەت. ئێستا مرۆڤ دیل وکۆنترۆلکراوی ئەوکەنـالە هەمە جۆروهەمە رەنگانەیە کەبەسات ناتوانێ خۆی لە پەیامەکانی دوور بگرێ،ناتونێ بۆ چەنـد سـەعاتێک بە بێ دام ودەزگاکانی راگەیاندن ژیـان بەسـەر ببات.ریکلامی تەلەفزیـۆنی هەڵگری پەیـامێکی بازرگـانیە ولەچوارچێـــوەی بەکارهێنـــانی تەکنیـــک و شـــێوازەکانی قەناعەتپێکردن،ریکلامکـــاران دەیانەوێـــت روبەرێکی بەرفراوان لەبەکاربەران بهێننە ئەو باوەرەی کە کاڵاکەی ئەوان بۆ ئەوان باشترینە.

**2-بینـا سـە ی رێکلام** :بـریتییە لە فـۆرمێکی کۆمونیکەشـن (communication) بەکاردێـت بـۆ رازیکردنی وەرگر (بینەر،بیستەر،خوێنەر) بە بەرهەمەکان،بە بیـرو بۆچوونەکـان،بە خزمەتگـوزارییەک (جلال،2019،13)

**3-پێناسەی رێکلامی تەلەفزیـۆنی:** (television advertising) هەمـوو ئەو پەیوەنـدیانەی کە بـۆ رەواجپێـدان و بەبـازاڕکردنی بەرهەم و کالایەکی دیـاریکراو ئەنجامـدەدرێت لە رێگـای بەکارهێنـانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بۆ بە ئامانج گەیشتنی ئەو چالاکیەی(صفوت ، 1998، 13)

**4 - مێـژووی ریکلامی تەلەفزیـۆن لە جیهـان وهە ریمـی کوردسـتان** :یەکەم ریکلامی تەلەفزیـۆنی دەگەرێتەوە بۆ ١٩٤١/٧/١ کاتێک لە کەناڵێکی ناوخۆیی نیۆیۆرک لە کاتی پەخشکردنی یـاری (بەیسـبۆڵ) ریکلامێکی ١٠ چرکەیی نیشاندرا،کە تێچوەکەی تەنها ٤ دۆلار بوو،ئەم دەستپێکە بـوو بە وەرچەخانێـک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەئاست برەو پەیداکردنی بایەخی ریکلام زۆرێک لە کۆمپانیاکان هاتنە پێش بۆ ریکلام لەوانە (کۆگای گامبل)( پان ئەمریکان بۆ فرۆکەوانی)( کۆمپانیای فیرستۆن بۆ تایە) دوای ئەم قۆناغە و پێزانینی کۆمپانیا بەرهەمهینەکان لەهەمبەر کاریگەری ریکلامی تەلەفزیۆنی دامەزراندنی (ئاژانسی ریکلام) ی بوو لە ساڵی ١٩٤٨ (پیتر شاندور، 2010 ص69)  هەرچی پەیوەستە بەولاتانی ئەوروپا دوای جەنگی دوەمی جیهانی ریکلامی تەلەفزیۆنی برەوی پەیداکرد لە ولاتانی عەرەبی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٥٤ لە تەلەفزیۆنی مەغریب ریکلامی بازرگانی نیشاندرا  لە ساڵی ١٩٦٠ لە ماوەی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی یەک کاتژمێری تەنها (٩) خولەک ریکلام هەبوو،بەڵام لەساڵی ١٩٩٠ لە ماوەی یەک کاتژمێر پرۆگرامی تەلەفزیۆنی (١٩) خولەک ریکلام دادەبەزی. یەکەم ریکلامی بازرگانی بە کوردی بۆ سابوونی (عتور) لە ساڵی ١٩٥٩ کرابوو، لەسالانی شەست ئافرەتێکی خەڵکی سلیمانی بەناوی (شیرین عادل) بە شێوەی وێنەی رەنگاورەنگ (پۆسکارت)،ریکلامی بۆ رۆنی (یاسەمین) دەکرد،بەڵام مێژوویەکی دیاریکراو نیە بۆ ریکلامی خۆماڵی (لۆکاڵی) لە کوردستان،بەربڵاوترین مێژووی ریکلام دوای ساڵی ١٩٩٠ دەستپێکردوە،بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە پۆلین بکرێت،زۆر بێ بەرنامە بوە،لە کورستان هیچ بنەماییەکی زانستی نەبووە،زۆرجار کاریگەری نەرێنی لەسەر رەفتار و میزاج و تاکی کوردی هەبووە. (عوسمان، 2013 ،75)

**5-گرنگی ریکلامی تەلەفزیۆنی:**ریکلام بۆتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی رۆژانەماندا لە ڕووی کۆمەلایەتی وئابوری و سیاسی ، چونکە ئێمە وەک تاکەکانی کۆمەلگە بەگشتی بەکارهێن و بەرهەمێن و بازرگانان و بریکار پێویستیمان پێیەتی . بۆئێمەی بەکارهێن ریکلام پێویستییەکی گرنگە بۆهێنانەدی ئامانجەکانمان لەتێربوون ، چونکە زانیاری پێویستمان پێدەبەخشێت و بەتەواوی ئاشنامان دەکات بەباشترین جۆری کاڵاکان و خزمەت گوزارییە نیشاندراوەکان ، لەگەل تایبەتمەندی و نرخی ئەو کاڵایانە و شوێن و ناونیشانیان.  (ناصر، 2009 .ص33)

**6-گرنگترین پرەنسیپە سەرەکیەکانی ئامادەکردنی ریکلام  لەتەلەفزیۆن**

پێویستە وێنەو نیگاو هێلکاری بەفراوانی بەکاربهێنرێت،تازۆرترین توانای دەربرین بۆریکلام دروست بکات، سوود وەرگرتن لەخاسیەتەکانی کاڵاکە وبەراورد کردنی لەگەڵ کالاکانی تر بەبێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوهێنانی مارکەی کالاکانی تر،سادەوساکاری وداهێنەری لە خستنەڕووودارشتنی ریکلامی تەلەفزیۆنی ،هەوڵدان بۆدوورکەوتنەوە لەشێوازی گاڵتەجاری بێ سنوورجگە لەوکاتانەی کەپێویست دەبێ ، چوارچێوەیەکی واقیعیانە وجێگەی باوەربۆبینەردروست بکات کەزۆرترین کاریگەری هەبێت(حمدي، 2016،ص 67 )

**7-توخمە سەرەکییە کانی ریکلام لە تەلەفزیۆنییدا:**چەند توخمێکی سەرەکی لە پێکهاتەی ریکلامی تەلەفزیۆنییدا هە ن، کەوا هەر توخمێکیان خوازراوبن یان نەخوازراو، پێویستە بەکاربهێندرێن. هەموو ئەو توخمانە گرنگن بۆ هێزی ریکلامی تەلەفزیۆنی.

**1-هەست و سۆز جولاندن** : پێویستە ریکلام لایەنی کەم هەندێک سۆزی بۆ بینەر تێدابێت. بەبآ توخمی هەست و سۆز جولاندن، بینەر بەبآ دەنگی لەسەیرکردنی ریکلامەکە دەردەچێت و لێ ی دادەبرێت. هەر بۆیە نەبوونی ئەم توخمە لە ریکلامی تەلەفزیۆندا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گۆرینی کەناڵی تەلەفزیۆنی.

**2-ڤیدیۆ:** پێویستە ریکلام بە تەنها لەرێگەی ڤیدیۆوە توانای گەیاندنی پەیامی ریکلامەکەی هەبێت و ئەو ڤیدیۆیە بە تەنها هەڵگری ئەو هێزو مانایە بێت کەوا ریکلامەکە دەیەوێت بیگەینێت. واتا پێویستە ریکلامەکە پەیامەکە تێپەرێنێ بەبێ رەچاوکردن و چاورێکردنی دەنگ .(Audio) ریکلامەکە پێویستە لەرێگەی ڤیدیۆوە هەموو زانیاریە پێویستیەکان پیشانبدات، چونکە رەنگە تۆ دەنگەکەت گرتبێتەوەو بەتەنها بینین رۆلڕ ببینێت و وا لێ ی تێبگەیت کە ریکلامەکە پەیوەندی بەچی یەوە هەیە و باسی چی دەکات.

**3-دەنگ(Audio)** ئەو بیرۆکەیەی کەوا بەسەر ڤیدیۆ لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا جێ بەجآ دەکرێت، بە هەمان شێوە پێویستە بەسەر دەنگ لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا جێ بەجێ بکرێت. دەنگ پێویستە خاوەنی هێزی خۆی بێت. پێویستە دەنگ هەڵگری هەموو ئەو زانیاریانە بێت کە ریکلامەکە دەیەوێت بیگەینێت و چاوەروانی ڤیدیۆ (بینین) نەکات. دەنگ و ڤیدیۆ، پێویستە هەریەکە خاوەن هێزی خۆی بێت و بەنیتی یەکتر تەواو کردن، دروست نەکرێن. رەنگە دەنگ ببێتە پرکردنەوەی توانای کەمی بینین، دوای ئەوەی ڤیدیۆ دوا توانای خۆی بەکاردێنێت، بەڵام سوودی زیاتری هێزی دەنگ بەتەنها لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا بۆ ئەوەیە کەوا پانتایی وەرگرو کریار زیاد بکات و برەو بەبەرهەمەکە دەدات و فرۆش

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زیاد دەکات. بۆیە پێویستە دەنگەکە ڕوون و رەوان و زمان پاراو بێت. بەشێوەیەکی گشتی پێویستە لەریکلامێکی تەلەفزیۆنی بەتەواوی تێبگەین ئەگەر بێت و چاومان بنوقێنین یان سەیری نەکەین و تەنها گوێ ی بدەینە ریکلامەکە.

**4-هاوکات بوون و لەگەلڕ یەکەوە بوونی ڤیدیۆ و ئۆدیۆ:** واتا بەهاوتەریبی لەگەلڕ یەکتردا رۆیشتنی ڤیدیۆ و دەنگ بەیەکەوە. پێویستە لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا، ئەوەی دەبینین ئەوەش ببیستین یاخود ئەوەی دەیبیستین ئەوەش ببینین. ئەو شێوازە توندو تۆلی و گونجان و یەک پارچەیی وەک زنجیرەیەک دەداتە ریکلامەکە.

٥-داواکردن بۆ کڕین.(Call To Action) داواکردن بۆ کڕین، واتا شوێن و ناونیشانی بەرهەمەکە بەئاسانی بە بینەر بلێیت ولەبیرنەکەیت، چونکە ئەمە هۆکاری سەرەکیە کەوا دەویسترێت ریکلامی بۆ بکرێت. داواکردن بۆ کڕین یان داوا لێ کردن و پێ ووتن بە وەرگر بۆ چۆنێتی کڕینی بەرهەمەکە و دەستکەوتنی. چەند دەستەواژەیەکی باو بەکاردێت وەک:- دوا نەکەویت...ئێستا پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی ١٢٣٤٥٦٧٨ وههر ئەمرۆ سەردانی نازەمۆلڕ بکەوهەرئێستا سەیری ویب سایتی www.greenland.comبکە. وتەنها ژمارەیکی دیاریکراولەبەردەستدایە.ئەگەرنەما لەدەستت دەچێ. ولەریکلامی تەلەفزیۆندا زیاتروشەی تۆیان ئێوە بەکاربێنە لەجیاتی ووشەی من یان ئێمە (جلال، 2019،68)

**8- هۆکارەکاریگەرییەکانی سەر رەفتاری کڕینی بەکاربەر**

**یەکەم :هۆکارەکاریگەرییەکانی سەر رەفتاری کڕینی بەکاربەر**

1-پێناسەی رەفتار:بریتیەلەکۆمەڵەهەڵوێستێکەکەپەیوەستەبەهەوڵی شاراوەکەناڕوونێکی راستەوخۆیە، کەشی ناکرێتەوەتەنها لەحاڵەتی توێژینەوەی هەموو کاریگەرەناوەکی ودەرەکییەکان.(السلمي، 2003: 23).

2- پێناسەی بەکاربەر:ئەو مەبەستەیەکەبەرهەمهێنەری کاڵد یاخود پێشکەشکەری خزمەتگوزارییەکەهەوڵی بۆئەدا، یاخودلەبەرچاوی هەمووئەوانەن کەلەبواری بازاڕگەری کاردەکەن (عمر،2008: 13).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- پێناسەی رەفتاری بەکاربەر: بریتییەلە: کۆمەڵەرەفتارێکەکەدەبیندرێت لەسەر تاکەکان کەراستەوخۆ هەڵدەستن بۆ بەدەستهێنانی کاڵاو خزمەتگوزارییەئابوورییەکان، یاخود بەکارهێنانیان، یان ئەوانەی کەپێویستیان پێیەتی، بەڵام لەدوای وەرگرتنی بڕیارێکی پێشوەختەپێش رەفتارەکانیان. (اکرام، 2009: 69)

**دووەم: جۆرەکانی رەفتاری کڕین** :رەفتاری کڕینی بۆدووجۆردابەشکردووەکەبریتیین لە1.رەفتاری کڕینی پلان دارێژراو2-رەفتاری کڕینی خۆڕسك (بێ پلان).

یەکەم: رەفتاری کڕینی پلان دارێژراو:لەم حاڵەتەدا رەفتاری کڕین بەکۆمەڵێك قۆناغ تێدەپەڕێت کەبرتییەلە: 1.گەڕان بەدوای زانیارییەکان. 2-کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

3--هەڵسەنگاندنی جێگرەبەردەستەکان. 4-هەڵبژاردنی جێگرەوەی باشترین.5-هەستان بەکردەیی پرۆسەی کڕین. 6-هەڵسەنگاندن لەدوای پرۆسەی کڕین.

دووەم: رەفتاری کڕینی خۆڕسك (بێ پلان):گەڕانی بێ شومار بەدوای رەفتاری کڕینی خۆڕسك دەگەڕێتەوەبۆ سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم، گەڕان بەدوای چاوخستنەسەر بڕیارەکانی کڕین کەبەکاربەر راستەوخۆ وەریدەگرێ لەدوای چوونەژوورەوەی بۆ مارکێتێك، لەدوای بینینی ریکلامێکی بڵاوکراوە، قۆناغی وەرگرتنی بڕیاری کڕینی بێ بیرکردنەوەی پێش وەختەزۆر خێرا دەبێت لەم جۆرە( أبراهيم,2014, 124 )

**سێیەم :هۆکارەکاریگەرییەکانی سەر رەفتاری کڕین:**

**یەکەم:** هۆکاری کەسێتی: (عبیدات، 2008: 193-194).دەکرێت پێناسەی کەسێتی بەم شێوەیەبکرێت: بریتییەلەو سیفەت و تایبەتمەندییەدەروونییەی ناوەوەکەئەوەهەموو شت دیاری دەکات و رەنگدانەوەی لەسەر هەڵسوکەوتی تاك و رەفتاری دەبێت لەبەرامبەر هەموو ئاگادارییەناوەکی و دەرەکییەکانی ئەو ژینگەیەی تیایدایەبەشێوەیەکی خولی بەردەوام.لەم پێناسەیەدا بۆمان روون دەبێتەوەکەتایبەتمەندییەسەرەکییەکانی کەسێتی بریتییەلە:کەسێتی تەنها بریتییەلەکۆمەڵێ سیفاتی ناوەخۆی وەکو بەهاو سیفەتی وەرگیراو بۆ ماوەیی، لەسەر رۆشنایی ئەمانەئەم تایبەتمەندییانەکاریگەری دەبێت لەسەر ئاراستەو هەڵوێستەکانی تاك لەبەرامبەر شتەکان، بیرۆکەکان، کاڵاکان، خزمەتگوزارییەکان.

هەروەها کەسێتی دەبێتەرەنگدانەوەو نیشاندانی جیاوازییەکانی تاك لەنێو تاکەکانی دیکەدا، و سیفەتەکانی ناوەخۆی تاکەکان نابێتەهۆی دۆزینەوەدوو کەسایەتی لێکچوو بەشێوەیەکی تەواو، بەڵکو دەبێتەهۆی دۆزینەوەی کەسایەتی بەرێژەنزیك لەتەواو.

**دووەم:** هۆکارەدیمۆگرافییەکان: هۆکارەدیمۆگرافییەکان رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن لەدۆزینەوەی پرۆسەی وەرگرتنی بڕیاری کڕینی بەکاربەر؛ وەکو داهات، تەمەن، پیشە، ئایین،رەگەزوچەندەهای دیکەلەگۆڕاوەدیمۆگرافییەکان کەکاریگەرن لەهەر قۆناغێکی وەرگرتنی بڕیاری کڕین. (جواد، 2008: 93).

**سێیەم:** هۆکارەسایکۆلیژییەکان:کۆمەڵێك فاکتەرو هۆکار لەخۆ دەگرێت وەکو پاڵنەر، درك پێکردن، فێربوون، پێداویستییەکان، ئاراستەکان و بڕواکان، و ئەم بابەتەش بەشێوەیەکی زۆر پەیوەستەبەدەروناسی و ئەو شتەی کەپیاوی بازاڕ دەبێت بیزانێ، ئەو کات هۆکارەکان تێ دەگات و رەنگدانەوەی لەسەر بڕیاری کڕینی بەرکابەرەوەدەبێت. ئەوەی جێی ئاماژەپێدانەگرنگی کەسان یاخود تیمی بازاڕکردن رێکخراوەکەبەکۆمەڵێ زانستی پەیوەستدار بەچالاکی بازاڕکردن، چونکەیارمەتیدەرەبۆ سەرکەوتنی ئەو چالاکییە. (محمد. 2004., ص 176).

## باسی سێیەم: کردەنییناما توێژینەوە

### یەکەم :رێکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

رێکارە مەدانیەکانی توێژینەوە بریتیە لە هەمووئەو رێگا و رێبازانەی کە توێژەر دەیانگرێتە بەر بۆ خستنە رووی و چۆنیەتی دیارکردن و دەستنیشانکردنی جۆر و میتۆد و نموونە قەبارە و بوارەکانی توێژینەوە هەروەها سەرەرایی کەرستەی کۆکردنەوەی زانیاری و ئاماری وە ئەو یاسایانەی کە بەکار هاتوون .بێگومان هەر توێژینەوەیکی زانستی پێوتسی بە میتۆد و رێکاری تایبەت بە خۆی کە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بە شێویەکی زانستی ئەم بەشە گرنگە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی توێژنەوە کە توێژەر پابەند بێت بەم میتۆد و رێکارانە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: شیکردنەوەی فۆرمی راپرسی وخستنەرووی زانیاریەکانی توێژینەوە**

**1-2 تەوەری یەکەم : زانیارییەگشتی:** - زانیارییەگشتییەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە لەهەریەك لەمانەی خوارەوەپێکدێت:

| رەگەز | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| نێر | 250 | 50.0% |
| مێ | 250 | 50.0% |

**1-1-2رەگەزی مشتەی توێژینەوە**

خشتەی (1) رەگەزی نموونەی توێژینەوەکەرِوون دەکاتەوە

گـــۆراوی رەگـــەز کاریگەریکەرەبەهـــەموو ئەوانـــەی لەدەوروبەریـــدان ورۆژانەلەپەیوەنـــدی وکارلێکدایەلەگەلیان ،بۆیەئەم گۆراوەگرنگی تایبەتی خۆی هەیەلەتوێژینەوەکاندا،ئەم گۆراوگاریگەری هەیەلەسەر ئەوزانیاریانەی کەبەدەست دەهێنرێت ، چونکەهەرتاکێك بەپێی رەگەزەکەی بیردەکاتەوە، بۆیەپێویستەلەسـەر توێژەرلـەکاتی ئەنجامـدانی توێژینەوەداهەردوورەگـەزی نێرومـێ وەربگرێـت بۆیەدەســـتهێنانی جیـــاوازی لەزانیارییـــەکان وجیـــاوازی لەئەنجامـــەکان . نمونـــەی توێژینەوەلەهەردوورەگـەزی نێـرو مـێ پێکـدیت بـەجۆرێك لـەم خشـتەیەدارەگەزی نێـر لـەنمو نـەی توێژینـــــەوە(250)لێتـــــوێژەران لـــــەکۆی (500)لێتـــــوێژراو بـــــەرێژەی (50%)پێکدەهێنێت،لەبەرامبەرداڕەگـەزی مـێ لەنمونـەی توێژینـەوە(250)لێتـوێژەران لـەکۆی (500)لێتوێژراوبەرێژەی (50%)پێکدێت،رێژەکەحیاوازی نیـە. ئەگـەر سـەرنج بدەین لـەم خشـتەو وێنەی سەرەوەبۆمان دەر دەکەوێت جیا وا زی نێوان هەردوورەگـەزنێرومێ بـۆ سـەیرکردنی رێکلامی بازرگانی لەکەنالەئاسما نیەکوردیەکانوەك یەکن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2 -تەمەنی نمونەی توێژینەوە:**

خشتەی (2)تەمەنی نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە

| تەمەن | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| 18-27 | 159 | 31.8% |
| 28-37 | 121 | 24.2% |
| 38-47 | 107 | 21.4% |
| 48-55 | 113 | 22.6% |
| کۆی گشتی | 500 | 100.0% |

لەم خشتەیەدادەردەکەوێت زۆرینەی نموونەی توێژینەوەتەمەنیان لەنێوان(18-27)سالیدایەبەرێژەی (%8،31)پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەهائەوانەی تەمەنیان لەنێوان (28-37) ساڵیدان بەرێژەی (%6،22)پلەی دووەمدایە،بەلام ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (48-55) ساڵیدان بەرێژەی (%2،24)پلەی سێیەمدادێت،کەچی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (38-47)سالیدایەبەرێژەی (%21.4) پلەی چوارەمدایە. نزیکەی زۆرترین نمونەی توێژینەوەکەلەتوێژی گەنجان پێکدێت کەتەمەنیان نێوان (18-37) و(28-37)ساڵیدایە.

**3-ئاستی خوێندنی نمونەی توێژینەوە:**

خشتەی (3)ئاستی خوێندن نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە

| ئاستی خوێندن | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | 32 | 6.4% |
| ئامادەیی | 48 | 9.6% |
| دیبلۆم | 153 | 30.6% |
| بکالۆریۆس | 187 | 37.4% |
| ماستەر | 47 | 9.4% |
| دکتۆرا | 33 | 6.6% |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 500 | 100.0% |

لەم خشتەیەدادەر دەکەوێت زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکەکەئەوانەی بروانامەی بکلۆریۆسیان هەیەبەرێژەی (37.4%) بەپلەی یەکەم دێت، هەروەهائەوانەی خاوەن بروانامەی دبلۆمن بەرێژەی(30.6%) پلەی دووەمی گرتوە، گەچی ئەوانەی خاوەن هەڵگریبروانامەی ئامادەین بەرێژەی (9.6%) لەپلەی سێیەمدایە، خاوەن بڕوانامەی ماستەر بەرێژەی (9.4%) لەپلەی چوارەمدایە،کەچی ئەوانەی خاوەن بروانامەی دکتۆران بەرێژەی (6.6%) لەپلەی پێنچەمدایە،خاوەن بروانامەی بنەرەتی کەمترین پلەیان بەرێژەی (6.4%) وەر گرتوە، ئەو رێژانەبۆمان دەردەخات کەزیاترئەم چین وتوێژانەی فۆرمەکەیان پڕکردۆتەوەخاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس ودبلۆمن لەپێشەوەی ئا ستەکانی خوێندن دێن ، لەڕووی سەیرکردن و گرنگدان بەرێکلامەبا زرگا نیەکان ،ئەوەش مایەی نیگەرانی نییە، چونکەئەو توێژەبەکەسانی ڕۆشنبیروهۆشیاری نێوکۆمەڵگەدادەنرێت.

**4-باری کۆمەلایەتی نمو نەی توێژینەوە:**

خشتەی (4)باری کۆمەلایەتی نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە

| باری کۆمەڵایەتی | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| سەڵت | 167 | 33.4% |
| خێزاندار | 268 | 53.6% |
| جیابونەوە | 54 | 10.8% |
| بێوەژن | 11 | 2.2% |
| کۆی گشتی | 500 | 100.0% |

لەم خشتەیەدالەکۆی گشتی لێتوێژراوان باری کۆمەلایەتی خێرزانداربە(268)یەکەوەبەرێژەی(53.6%) هاتوە، خێرزاندار زیاتر لەنیوەی نمونەی توێژینەوەپێکدەهێنێت، لەکاتێکداسەلت بە(167)یەکەوەبەرێژەی(33.4%) لەپلەی دووەم هاتووە، کەچی جیابو نەوە(54)یەکەوەبەرێژەی(10.8%) لەپلەی سێیەم هاتووە، باری کۆمەلایەتی بێوەژن

بە(11)یەکەوەبەرێژەی (2.2%) لەپلەی چوارم هاتووەکەمترین پلەی وەرگرتوە، کەواتەزۆربەی دەستنیشانکراوانی توێژینەوەکەخێزاندارن ئەمەش ئاسایەچونکەکۆمەڵگای توێژینەوەتەمەنیان نێوان (18-55) ساڵەزۆربەی هاوڵاتی لەم تەمەنەداهاوسەرکیریان کردوە، ئەنجا مەکان بەڕوونی ئەوەدەخاتەڕووکەسی خێرزاندار چرەگەز نێریان رەگەز مێ ڕا دەی سەیرکردن وگرنگی پێدانی بەڕێکلامەبا زرگا نیەکان زیا ترە، رەنگەهۆکا رەکەشی بۆ ئەوەبگەرێنتەوەکەپێدا ویستیەکانی خێرزان و کەسی خێرزاندار زیا ترەبەبەراود لەگەل کەسی سەڵت .

**5- شوێنی نیشتەجێبوو نی نموونەی توێژینەوە:**

خشتەی (5)شوێنی نیشتەجێبوون نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| هەولێر | 150 | 30.0% |
| سلێمانی | 150 | 30.0% |
| دهۆك | 130 | 26.0% |
| هەلەبجە | 70 | 14.0% |
| کۆی گشتی | 500 | 100.0% |

کاریگەریی ئەو ژینگەکۆمەلایەتیەی تاکەکان تیایدادەژین بەسەردۆخی ژیانی کەسی و بەشداریی لەکایەکانی ژیاندا،بەندەبەوماوەیەی کەتاکەکان لەوشوێن و ژینگەیەدادەمێنێتەوەودەژێن . چابەو پێیەی کەشار مەلبەندی سەر هەڵدان و پێادەکردنی ژیانی مەدەنییە،بۆیەمانەوەو ژیانکردن تیایدا،کاریگەری هەیەلەسەررەفتاری سیاسی تاکەکان وچۆنێتی بیرکردنەوەیان. لەم خشتەیەدا لەکۆی گشتی لێتوێژراوان، شوێنی نیشتەجێببوون هەولێر بە(150)یەکەبەرێژەی (30%) هاتووە،وسلێمانی بەهەمان شێوەبە(150)یەکەبەرێژەی (30%) هاتووە، لەکاتێکدادهۆك بە(130)یەکەبەرێژەی (26%) هاتووە، کەچی هەلەبجەبە(70) یەکەبەرێژەی (14%) هاتووە، دەتوانین بلین لەڕووی شوینی نیشتەحێبوون نمونەی توێژینەوەکەگوزارشتێکی باش لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەدەکات ،زانیاری

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی لەبارەی ناونیشان، ئەو پاریزگایانەی کەسنوری توێژینەوەکە دەیانگریتەوە وەک: پارێزگای هەولێر، پارێزگای سلیمانی، پاریزگای دهۆک ، پاریزگای هەلەبجەلە هەرێمی کوردستان، بەرێژەی گونجاو لەخۆ دەگرێت وەرگرتنی هەردوو رەگەزی نێرو مێ، تەمەنیان نێوان(18-55) ساڵیدایە،کەهەموو ئاستەکان خوێندن دەگرێتەوە.

**تەوەری دووەم : پرسیارکانی تایبەت بەریکلامی بازرگانی لەکەنالەئاسمانیەکوردیەکان**

خشتەی (2) ئارا ستەی جەما وەر بەرەو بەرەو کەنا لەئا سما نیەکوردیەکان

نیشان دەدرێن

| کۆدی پرسیارەکان | زۆر هاوڕانیم دووبارە | % | هاوڕا نیم دووبارە | % | دڵنیانیم دووبارە | % | هاوڕام دووبارە | % | زۆر هاوڕام دووبارە | % | ناوەندی | لادانی پێوانەیی ژمێریاری | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| T3.1 | 89 | 17.8% | 94 | 18.8% | 79 | 15.8% | 109 | 21.8% | 129 | 25.8% | 3.19 | 1.455 | 63.80% |
| T3.2 | 94 | 18.8% | 86 | 17.2% | 81 | 16.2% | 128 | 25.6% | 111 | 22.2% | 3.15 | 1.431 | 63.04% |
| T3.3 | 89 | 17.8% | 81 | 16.2% | 76 | 15.2% | 124 | 24.8% | 130 | 26.0% | 3.25 | 1.450 | 65.00% |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
